# نەخشەڕێگای کۆدار بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران و چارەسەری پرسی کورد

## تێروانینی تیوری

کۆمەڵگای ئێران لە ڕەوشێکدایە کە بەردەوامی ئەو دۆخە، نەک تەنیا بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا کارەساتبارو تراژیدیکە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ هێزە دەسەڵاتدارەکانیش بەها گیر دەبێت. لەلایەکەوە کێشەو کەلێنە ناوخۆییەکان و لەلایەکی ترەوە هاوپەیمانێتیە دەرەکیەکان، هەلومەرجێکیان هێناوەتە ئاراوە کە سیاسەت کردن بە شێوازی ڕابردوو و تەنها بە پشت بەستن بەو شتانەی ئێستا هەم بۆ هێزە دەسەڵاتدارەکان و هەم بۆ بەشێک لە هێزە گۆڕانخوازەکان، دژوار و تەنانەت ئاستەمیشە. پێش مەرجی دەرچوون لە بن بەستی سیاسی، یاسایی، ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێستا، ڕەخنە کردنی ئاشکرای ئەم لادانە زیهنی-سیاسیەکانی ڕابردوو و هەروەها نزیکبوونەوەکانی ئێستایە. لە پاڵ ئەم پێویستیەشدا، سەرراستکردنەوەی سەقەتیەکان بە قازانجی گۆڕانکاریەکی بونیادنەرو دیموکراتیک بابەتێکی گرنگ و ژیانیە.

ئەم گۆڕانکاریە، لێکدانەوەو فکراندنێکی چەند ڕەهەندیە. وێڕای ئەوەی کە "مۆدێلێکی دیموکراتیک" لەسەر بنەمای داخوازیەکانی ڕابردوو بونیاد دەنێت، دەبێتە سپەرێک لەبەرامبەر دەستێوەردانە دەرەکیەکان و لەوانەش زیاتر، دەرفەتی هەناسەدان، پێکەوە ژیان، یەکسانی و ڕازی بوونی زۆرینەش فەراهەم دەکات. وە ئەمەش گۆڕانکاریەکە کە دەتوانرێ وەک "هەنگاوێکی مێژوویی" بەشکۆ لە گەنگەشەی دەرچوون لە سیکلی داخراو و زۆرداری، پاوانخوازی، بۆچوونی تەسک و مۆنۆپۆلکردندا بنرخێندرێت؛ ئەو دیاردەو دڕندانەی کە مژینی خوێنی گەلان، ژنان، مەزهەبەکان و گۆڕانخوازەکانی تر تێریان ناکات، بەڵکو خەریکی قووتدانی کۆمەڵگای ئێرانن.

پرسی سەرەکی ئەمەیە کە کام هێزانە بەرامبەر ڕووداونی ئەم "هەنگاوە دیموکراتیکە" بەرگری لەخۆیان نیشان دەدەن؟ بۆ وڵام بەم پرسە دەتوانین بڵێین کە ئەمانە هەمان ئەو هێزانەن کە بەرژەوەندی زۆرینە بۆ بازنەی بچوک و کەسانی نزیک لەخۆیان دەخوازن. هەر لەبەر ئەمەیە کە کرانەوەو دیموکراتیزاسیۆن پێویستیەکی بە پەلەیە. چونکە بەرژەوەندی یاسایی، سیاسی و ئابوری گشتی بە پێوانی فراوان و بۆ هەموو پێکهاتەو جیاوازیەکان داوا دەکات. ئەم دۆخە دەتوانرێ بە وەرگرتنەوەی ماڵێک و لەگەڵ ئەوەش هاوبەشی کردنی بشۆپێندرێت کە لەلایەن هێزگەلێکی دیارەوە قۆرخ کراوە؛ هێزگەلێک کە "دەرباز بوونی دیموکراتیک"، ڕانتە بچوک و گەورەکانیان دەخاتە مەترسیەوەو هاوکات لە بەردەوامی ڕانتخۆری ئەواندا هەبوونی هەموو گەلان، جیاوازیەکان و تەنانەت ئەو موڵکە هاوبەشە قۆرخ کراوەش دەخاتە مەترسیەوە.

ڕەوشی کارەساتبارو مەترسیداری ئێستا، بەرهەمی عەقڵیەتی وێرانکارو بەتاڵ لە ویژدانە. بەم هۆیەوە یەکگرتوویی، نزیکبوونەوەو یەکێتی عەقڵە چارەسەر ئامێزو بە ویژدانەکان، پێش مەرجی گۆڕانکاری دیموکراتیکە.

لەم نێوەندەدا، خاڵێکی روونکەراو هەیە: ئایا لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا، لێهاتوویی، ئامادەیی، عەقڵانیەت و هۆشیاری تەواو بۆ سەرراستکردنەوەی ئەو لادان و سەقەتیانە هەیە؟ ئەگەر تەنها بە هەڵسەنگاندنی ئاراستەکانی پێشوو و ڕامانەکانی ئێستا بمانەوێ دادوەری بکەین، هیچ ئاماژەیەکی ئەرێنی بۆ ئامادەکاریەکی جیاواز نابینین. لەم ڕووەوە، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، پێوانێکە بۆ دەسەڵات تا مەودای خۆی لەگەڵ دیموکراتیزاسیۆن، نێوانی لەگەڵ لایەنەکانی چارەسەری، دووبارە پێناسە بکاتەوە. ئەو ژێریە سیاسیە حوکم دەکات کە لەم کاتەدا بیردۆزی بەڕێوەبەردنی پراکتیکی لەئەستۆ بگرێت کە لەجیاتی "پاراستن و بەڕێوەبردنی دۆخی ئێستا"، "گۆڕینی دۆخی ئێستا لە بەرژەوەندی دەستەبەر کردنی ئازادی، یەکسانی، دیموکراسی" لە پێشینەی کارەکانی خۆیدا دابنێت.

**پێویستیەکان**

لە ئێستادا، تەنها لەیەک حاڵەتدا ئەگەری هاوسەنگی، لێکچوونی زۆرینەو هاونرخی ئیرادەی کۆمەڵگا، دەوڵەت و دەسەڵات بەیەکەوە هەیە: ئەوەی کە دەسەڵات ئامادە بێت لەگەڵ گۆڕانخوازان، بە ڕوکردێکی ستراتیژیک، بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر دیموکراتیزە کردنی سیاست، یاساو کۆمەڵگا ڕێکبێنێت. ڕەوشێک کە دەتوانرێ وەک "دەست بەردان لە بەرژەوەندی بچوک بۆ بەرژەوەندی گشتی" بنرخێندرێت. ئاشکرایە کە پێویستە ئەم بابەتە، پێشوازی و "دان نان بە هەبوونی قەیران"، وە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی بۆ دەرباز بوونی دیموکراتیک لە قەیران و مسۆگەر کردنی ماف و ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگاو لەنێوانیاندا خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێرانە.

هیچ گۆڕانکاریەک بەبێ "گۆڕینی دەستوری بنەڕەتی ئێستا" و گارانتی کردنی مافی ئەو پێکهاتانەی کە "ماف"-ی ئێستا ئەوان ناگرێتەوە، جێ بەجێ نابێت. دەستوری بنەڕەتی بەهیچ جۆرێک ناتوانێ یەک مەزهەب، یەک ئەتنیک، یەک زمان و هەروەها تەنها پیاوان لەخۆی بگرێت و جیاوازیەکانی تر لەدەرەوەی بازنەی خۆی پێناسە بکات. ئەم ڕەوشە ڕێگا لەبەردەم جیاکاری ترسناک و سیستماتیکی مەزهەبی، ئەتنیکی، زمانی و ڕەگەزی دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، خودی ئەم جیاکاریانە دەبێتە چاوگی ناحەقیەکانی تری وەک هەلاواردنی ئابوری، کەلتوری و کۆمەلایەتی. دۆخێک کە رەنجێکی فراوان، گەشەیەکی نارێکوپێک هەروەها نەخۆشی گەلێکی ناچارەسەر بە جەستە و روحی کۆمەڵگاو تەنانەت حکومەتیش دەسەپێنێت. رەوشی ئیستا خۆی گوزارە لەوە دەکات.

ئەو پەیامەی کە پێویستە دەستوری بنەڕەتی لەخۆی بگرێت ئەوەیە کە ئێران وەک نیشتمانی هاوبەشی هەموو گەلان، ڕەگەزەکان، مەزهەبەکان و ناسنامەکان پێناسە بکات. بەڵگەیەک بێت کە بەهیچ جۆرێ نەتوانێت و نابێت زەمینەی شرۆڤەو لێکدانەوەی جۆراو جۆر بهێڵێتەوە. بە واتایەکی تر، دەستوری بنەڕەتی، لەجیاتی ئەوەی کە بیری دروست کردنی ناسنامەی لەسەرتر و یەک ڕەنگ کردنی نادیموکراتیکی لە کۆمەڵگادا پێش بخات، پێویستە ڕێز لە جیاوازیەکان بگرێت، مافەکانیان مسۆگەر بکات و ڕۆحی پێکەوە ژیانی ئازادانەو داد پەروەرانە بۆ گەلانی بئافرێنێت کە لە هەناویدا "نەتەوەی دیموکراتیک" شێوە بگرێت. ئەو تێزەی کە خاڵی پێچەوانەی هەڵوێستی "ڕەزا خان"-یە و لەجێگای توانەوەی جیاوازیەکان لە بۆتەی یەک ناسنامەدا -کە داینەمۆی لێک ترازانە- هەوڵ دەدات هەبوون، ماف و ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵی هەموو پێکهاتەو جیاوازیەکان بپارێزێت و دابینی بکات و هاوبەشیکردنێکی دادپەروەرانە، دیموکراتیک و ئازادانە بکاتە بنەما. بێگومان، ئەمە یەکەمین هەنگاو دەبێت لە گەنگەشەی سەرراست کردنەوە چەوتیەکان.

لێرەدا چەند خاڵی هەستیار هەنە: یەکەم ئەوەی کە دیموکراتیزە بوونی دەستوری بنەڕەتی، بە تەنهایی مانای گۆڕانی دیموکراتیک نیە. دەستورێکی دیموکراتیک پێویستە گارانتی بە کردەوە بوونی خۆشی پێناسە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بابەتێکی تری گرنگ ئەوەیە کە هیچ ئیرادەیەکی مەزهەبی، سیاسی و سەربازی نابێت بتوانێت هەڵبژاردەو لێکدانەوەی یەک لایەنەی خۆی لە بابەتی یاسا و سیاسەت، بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. ئەمە گەورەترین مەترسیە کە هەڕەشە لە دیموکراتیزاسیۆن دەکات.

لەلایەکی ترەوە، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە دیموکراتیزە کردنی ئێران، تەنها لە ئەستۆی حکومەتدا نیە؛ بەشی زۆری ئەم بەرپرسیارێتیە کۆمەڵگا، گەلان، ژنان و ڕۆشنبیران پیویستە بیگرنە ئەستۆ. ئەو بۆچوونانەی کە بێ بەبنەما گرتن و ئامادەکاری کۆمەڵگا، وزەی خۆی –بەشێوەی ئەرێنی یان نەرێنی- تەنها دەدەن بە دەسەڵات، بە بەشێک لە هێزە

بەشـداره‌كانی ڕێڤـاژۆی دیموكراتیزاسـیۆن لەقەڵەم نـادرێن. پێویسـتی بەشـداری كـردن و كـاریگەری دانـان لە ڕێڤـاژۆی دیموكراتیكدا، بەناوەندگرتنی كۆمەڵگایە. ئەو هێزانەی كە پێیان وایە دەبێ هەموو كاروبارەكان، بەرپرسیارێتیەكان و ئەركەكان تەنها لە ئەستۆی دەوڵەت و دەسەڵاتدا بێت، بەباشی لە ناوەرۆكی دیموكراسی تێنەگەیشتوون و لە حاڵەتی گشـتیدا یـان پەراوێز دەخرێن، یان دەكەونە خزمەتی دەسەڵاتداریەوەو لەكۆتاییشدا ئەگەری هەیە ببنە سەركوتكارانێكی بێبەزە.

كۆمەڵگا تەنهـا بە ڕێكخسـتن بـوون، نزیكبـوونەوە لەدەوری ناوەنـدی دیموكراتیزاسـیۆن و گوشـاری كـۆمەڵایەتی دەتوانێـت دەسەڵات ناچاری گۆڕانكاری بنەڕەتـی بكـات. لەبەر ئەوە، پێویسـتە دووبـارە بكـرێتەوە كە كۆمەڵگـا، داخـوازی گۆڕانكـاری لە دەسەڵات ناكات؛ بەڵكو بە ئامادەیی و بەدواداچوون و گوشارەكانی خۆی، بەدەستی دەهێنێـت. لێـرەدا لۆژیـك وا دەخوازێـت كە دەسەڵات ئەو پرۆسەیە تێك نەدات و ئاستەنگی نەكات؛ بە پێچەوانەوە، خـۆی لەگەڵـدا بگونجێنێـت و تێبكۆشـێت خـۆی لەگەڵ داواكـاریە پێشـنیار كراوەكانـدا ڕێكبخـات. لەسـەر ئەو بنەمـایە، ئەوە كۆمەڵگـا نـیە كە خـۆی ڕادەسـتی لـۆژیكی دەسەڵاتداری دەكـات؛ بەڵكـو دەسـەڵاتداریە كە دەبـێ ناكۆكیەكـانی لەگەڵ كۆمەڵگا كەم بكـاتەوەو ئیـرادەی دیموكراسـی پەسەند بكات تا بەو جۆرە ڕێگایەك بۆ "سەنتێزێكی دیموكراتیك" بكرێتەوە.

ئەگەر لەم گۆشـەیەوە چـاو لە گۆڕانكاریەكـان بكەیـن، هەڵبژاردنـی سـەرۆك كۆمـاری، بەپـێچەوانەی هەمیشـە دەتـوانێ دەرفەتێك بێت؛ پەنجرەیەك بۆ چـوونە نـاو سـەردەمی دیموكراتیزاسـیۆن. لەدەسـتدانی دەرفەت، دەسـەڵات و لایەنەكـانی هەڵبژاردن لەم پەیوەندیەدا، هەڵەیەكی ستراتیژیك و كارەساتبار دەبێت.

دەسەڵات و ئەو هێزانەی كە لەدیمەنی هەڵبژاردندا ئامادە دەبن، ئەگەر لە چوارچێوەی دیـالۆگی "چارەسـەری دیمـوكراتی" نەجوڵێنەوە، نە دەتوانن بە ئاسانی خەڵك بكێشنە سەر سندوقەكانی دەنگدان و نە دەتوانن پرۆسـە چـارەنوس سـازەكانی دوای هەڵبژاردنیش بە باشی بەڕێوە ببەن.

تەنها بە ئەندازیاری و دروست كردنی دووانەی "خراپ" و "خراپتر" بۆ كۆمەڵگا، ناتوانرێ بەرەو پێشكەوتنەكانی داهاتوو ڕۆن. هەر جۆرە هەڵوێستێكی ئامرازی، تاكتیكی، بەكەم زانـین و ڕیاكـارانە بـۆ هەڵبـژاردن دەتـوانێ خێرایـی ڕوودانـی كارەسـاتی گەورە بەشێوەیەكی ناباوەڕی زیاتر بكات.

**پێشنیارەكان**

بۆ چارەسەری دیموكراتیكی پرسەكان لە ئێران، لە بوارە جیاوازەكاندا دەست بە پێكهێنانی كۆمیسۆن گەلێك بكرێت:

**1ـ كۆمیسیۆنی یاسایی:** ئەم كۆمیسیۆنە چەند ئامانج دەگرێتە بەر؛ لەلایەكەوە دەتوانێت گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوە تـایبەت بە كەموكوریەكانی دەستوری ئێسـتا لە ئاسـتی گشـتیدا بكـات و كۆبـوونەوەو كۆنفرانسـی كارناسـی یاسـایی بـۆ خەسـار ناسی دەستوری بنەڕەتی ئەنجام بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم كۆمیسیۆنە سەرەڕای توێژینەوەی لە زەمینـەی هەڵاواردن و پێشێلكردنی مافی تاكەكەس و كۆمەڵ، پێویستە چۆنێتی گۆڕینی دەستوری بنەڕەتی ئێستاش بۆ دەستورێكی دیموكراتیك كە مافی هاوڵاتی بوون، سیاسی و مەدەنی گەلان، مەزهەبەكان، ژنان و جیاوازیەكانی تر مسۆگەر بكات، بخاتە بەر باس و لێكۆڵینەوە. ئەم كۆمیسیۆنە دەتوانرێت لە یاساناسـانی دیموكراسی خواز، یاسا دانەران و نـوێنەرانی پێكهاتەكـانی كۆمەڵگا پێكبێت. لەم نێوەنـدەدا نـوێنەرانی دەسـەڵاتیش دەتـوانن لەو كۆمیسـیۆنەدا بەشـدار بـن و ڕاو بۆچـوونی خۆیـان بـخەنە ڕوو.

ئامانجی سـەرەکی ئەم کۆمیسـیۆنە ئامادە کردنـی کۆمەڵگـای مەدەنـی و دەسـەڵاتە بـۆ گـۆڕینی دەسـتوری بنەڕەتـی و هاورایی یاسایی لەگەڵ "قۆناغی سیاسەتی دیموکراتیکە".

**2ـ کۆمیسیۆنی دووبارە پێناسەکردنەوەی پێکهاتەکـانی بەڕێـوەبردن:** یەکێـک لە مەرجەکـانی هەنگاونـان بەرەو دیموکراسـی لە ئێرانـدا، تێپەڕانـدنی لۆژیـک و مـۆدێلی ناوەنـد-پەراوێـز و هەروەهـا نـا ناوەنـدێتی لە هەیکەلـی دەسـەڵاتە. کۆمیسـیۆنی نـاوبراو دەتوانێـت بەڕێـوەبەرایەتی شـار، نـاوچەو وڵات بەشـێوەیەک پێناسـە بکـاتەوە کە ئیـرادەی گشـتی لەهەریەکێک لەم یەکانەدا، بەپێی بژاردەی سیاسـی مەیـدانەکانی دەسـەڵات ئەولەویەتـی هەبێـت. بەرهەڵسـتی کردنـی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگا، بەواتای بێ متمـانەیی بە هێـزە لۆکاڵیەکـا و پێـداگری لەسـەر هەڵوێسـتی سـەرپەرشـتی کردنـی خودی کۆمەڵگایە. کەڵک وەرگرتن لە پۆتانسیەلی دیموکراتیکی ناوچەیی لە بەڕێوەبردنە سیاسـیەکان، ئـابوری، کەلـتوری و ئاسایشـی، نیشـانەی باوەڕ بەخۆبوون و تەندروسـتی سیاسـی کۆمەڵگایەکە. ئەم کۆمیسـیۆنە هەروەها دەتوانێت بەشـێوەی بەڵگەیی، ئەم ناوەندانە بخاتە بەر باس و بیـر لە چارەسـەرکردنیان بکـاتەوە: زیـانە سیاسـی و ئابوریەکـان کە لە پێکهـاتەی سیاسـی- بەڕێوەبەرێتی ناوەندیەوە سەرچاوە دەگرێت؛ لێکەوتە سیاسـیەکان "بەکارهێنـانی زۆریـنەی هێزەکـانی دەرەوەی ناوچە" لە بەڕێوەبەرایەتی شار و ناوچەکان؛ چۆنێتی ڕۆڵ گێڕانی چالاکانەتر و کاریگەری ڕاسـتەوخۆی کۆمەڵگا لە بڕیاردانـدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتی-سیاسـی. لەکۆتاییـدا، ئەم کۆمیسـیۆنە بیـر لە میکـانیزمی جیـاواز بـۆ بەهێزکردنـی کۆمەڵگـاو بچـوک کردنەوەی دەوڵەت دەکاتەو.

**3ـ کۆمیسیۆنی پێکەوە ژیانی دادپەروەرانەی گەلان:** ئامانجی دامەزراندنی ئەم کۆمیسیۆنە بۆ هاوبەشـی کردنـی زیاترو یەکێتی ئازادانەو دیموکراتیکی نێوان گەلانی ئێرانە. هەڵوێسـتە تۆتالیتارە ئەتنیکی-زمانی، هەڕەشـەیە بۆسـەر پێکەوە ژیانی جیاوازیەکانی کۆمەڵگا. نە ناسیۆنالیزمی هێرشکارانەو نە ناسیۆنالیزمی خۆپارێز، هـیچ یەکیـان توانـای هێنـانە ئـارای گۆڕانکـاریەکی بەواتـای لە بەرژەوەنـدی وەک یەکـی، هاوبەشـی و پـێکەوە ژیانیـان نـیە. کۆمیسـیۆنی پـێکەوە ژیـانی دادپەروەرانەی گەلان، دەتوانێت بە بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی بابەتی، گرانی بـدرێتە ئەم مـژارە کە چ هێزێـک لە ناکۆکی، دژبەری و ڕەوشـی هەسـتیار لەنێوان گەلاندا سودمەند دەبێت و بۆ سـەقامگیر کردن و پـتەو کردنـی پەیوەنـدیەکانی گەلانی ئێران چ بەرپرسـیارێتیەک دەکەوێتە ئەسـتۆی کۆمەڵگا، ڕۆشـنبیران، دەوڵەت و دەسـەڵات.

**4ـ کۆمیسیۆنی ژنان:** کاری سـەرەکی ئەم کۆمیسـیۆنە لێکـۆڵینەوە لە ئاسـتەنگیەکانی جیاکـاری ژنـان لە بوارەکـانی یاسایی، سیاسـی، ئـابوری و بەڕێـوەبەرایەتیە. جیاکـاری لەسـەر ژنـانی ئێـران، دوو لایەنە. بەشـێکیان سـەرچاوە گرتـوو لە ڕیشـەداکوتانی زیهنیەتـی پیاوسـالارانە لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـاو تەواوکـاری ئەویـش بـریتیە لە هەبـوونی کـۆمەڵە یاسـاو خوێندنەوەیەکی دژە ژنانە لە یاساکاندا. بەبێ گارانتی کردنی مافەکانی ژنان، نە دیموکراسـی، نە یەکسـانی و نە ژیـانێکی کۆمەڵایەتی-سیاسـی شایستە بوونی نابێت. نەهێشتنی جیاکاری ژنان، پێش مەرجی دەرباز بوونی دیموکراسیە لە ئێران. کاری تایبەتی کۆمیسیۆنی ژنان، کەڵک وەرگرتنی زۆریـنە لە پۆتانسـیەلەکانی ئێسـتاو داڕشـتن و پێشـنیاری دروسـتکردنی پۆتانسیەلی نوێی یاسایی-سیاسـی لە ڕاستای مسۆگەر کردنی ماف و ئازادی ژنانە.

**5ـ کۆمیسیۆنی ئاسایشی:** ئامانج لە دروست کردنی ئەم کۆمیسـیۆنە، وتـووێژ و بڕیـارگرتن سـەبارەت بە سیاسـەتە ئاسایشیەکانی پابەند بە ئیرادەی دیموکراتیکی کۆمەڵگایە. لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا، هێزە سـەربازی و ئاسایشیەکان، نەک تەنها هەڕەشە نین بۆ هەبوونی کۆمەڵگا، بەڵکو پارێزگاری لە دەسـتکەوتە دیموکراتیکەکـانی کۆمەڵگـاو دروسـتکردنی بەرگریکاری ئاسایشی پاڵپشت بە ڕۆحی پشـتگیری، هـاودڵی و هاوبەشـی هەمـوو جیاوازیەکـانی کۆمەڵگـا، پێویسـتە لە

گرنگترین پەیامەکانی هێزە ئاسایشیەکان بن. ئامانجی ئەم کۆمیسیۆنە، دۆزینەوەی میکانیزمەکانی جێگیربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هاو هەڵوێستی زۆرینە و سیاسەتە ئاسایشیەکان بە ڕۆحی "سیاسەتی دیموکراتیکە".

**6ـ کۆمیسیۆنی ئابوری:** لەلایەکەوە پشت بەستن بە "ئابوری نەوت" و لەلایەکی تریشەوە پەرەگرتنی ناهاوسەنگی ئابوری کە لە جیاکاریە یاسایی-سیاسیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕێگا لەبەردەم بێکاری، هەژاری و قەیرانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. پەرەسەندنی ئابوری بەبێ پەرەسەندنی دیموکراتیزاسیۆن، ناجێگیر، دەم کورت و خەسارەتمەند دەبێت. ئەرکی کۆمیسیۆنی ئابوری، دەتوانێت توێژینەوە لە چۆنێتی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و سەرچاوەکانی وڵات و هەروەها پشت بەستن بە ئابوری کۆمەڵگاجەمسەر بێت.

**7ـ کۆمیسیۆنی ژینگە:** پیشەسازی و قۆرخکردنی سود-سەرمایە، وێرانکاریەکی گەورەی ژینگەییان دروست کردووە. ئەم وێرانکاریە، کۆمەڵگاو دەرفەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیان ڕوو بەڕووی هەڕەشەی کارەساتبار کردۆتەوە. پیس بوونی هەوا، بە بیابان بوون، قەیرانی ئاو، زێدە ڕۆیی لە دروستکردنی سەدو ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان تەنها نمونەکانی کارەساتەکەن. کۆمیسیۆنی ژینگە، تێدەکۆشێت بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی-دەوڵەتی و نزیکایەتی ئەخلاقی سەبارەت بە ژینگە بکاتە بناغەو لایەنەکانی زیهنی-کردەیی هاوتەریب لەگەڵ "پارادایمی دیموکراتیک-ئیکۆلۆژیک" بەرجەستە بکات.

**8ـ کۆمیسیۆنی زمان و کەلتور:** ئاستی ئازادی ناسنامەو فرە کەلتوری لە وڵاتێکدا، نیشاندەری ئاستی دیموکراسی و پێشکەوتنی ئەو وڵاتەیە. بەرگری کردن، پاراستن و بەکارهێنانی زمانەکانی کوردی، ئازەری، عەرەبی، بەلوچی و ئەو زمانانەی تر کە لە سەرانسەری ئێراندا بوونیان هەیە لەگەڵ زمانی فارسی، کۆمەڵگای ئێران دەوڵەمەندتر دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا کۆمیسیۆنی زمان و کەلتور دەتوانێت لە دەرفەت و میکانیزمەکانی پەروەردە بە زمانی دایک بکۆڵێتەوە. پەروەردەو فێر بوون بە زمانی دایک، مافێکی بێ چەندو چوونە کە پێویستە کۆمەڵگا و دەوڵەت ڕێکاری ڕاست بۆ بەدەستهێنانی بدۆزنەوە. لە تەنیشت بابەتی زمان، دەستنیشان کردن و کۆشش بۆ لەبەین بردنی ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشەن بۆ سەر هەبوونی کەلتوری کۆمەڵگای ئێران، تێکۆشانێکی ژیانیە.

**دەرفەتەکان**

لەکاتێکدا کە دەوڵەت و دەسەڵات، ئامادە بن کە کرانەوەی دیموکراتیک لە پێشینەی کارەکانیان دابنێن و هەنگاو بۆ دیموکراتیزە کردنی یاساو سیاسەت بهاوێژن و بەرپرسیارێتی خۆیان پێکبهێنن، و وەڵامی ئەرێنیان بۆ پێشنیارەکانی ئەم "نەخشە ڕێگا"-یە هەبێت، کۆدار، بزوتنەوە دیموکراتیکەکان وزۆرێک لە هێزە گۆڕانخوازەکانی ناوخۆو دەرەوە ئەرکەکانی خۆیان پێکدەهێنن. بێگومان ئەم ڕەوشە، ژیرانەترین هەڵبژاردەیە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە کەڵەکە بووەکانی ناوخۆ. سەردەمی "سیاسەتی دیموکراتیک" لەهەمان کاتدا دەتوانێت وەکو دەربازبوونێکی مێژوویی لە پرۆسەی داخراوی قۆرخکاری، فراوان خوازی و خۆداسەپاندن ئەژمار بکرێت. ئێرانێکی ئازاد، ئاوەدان و دیموکراتیک کە لە یەکێتی ئازادانەو دادپەروەرانەی گەلانی خۆی هێز وەردەگرێت، نەک تەنها دەتوانێ بەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک بەرگری بکات، بەڵکو دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ دیموکراتیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش. ئەم دۆخە، هەموو ئەو هێزو وزەیەی خەرجی بێ کاریگەر کردنی یەکتر دەکرێن، بۆ هێزو وزەی تێکۆشان لەسەر یەک هێڵ دەگۆڕێت. ئیرادە پەرش و بڵاو و ناکۆکەکان دەکاتە یەک ئیرادەیی، ئازاد و بەتوانا و لەهەمان کاتدا دیموکراتیک.

**هەڕەشەکان**

لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەسەڵات و دەوڵەت، مەیل، ئامادەیی و یان توانای هەنگاو نان بۆ "چارەسەری دیموکراتیک"-یان نەبێت، ئەوا خێرایی ڕۆیشتنی ئێران بەرەو کارەسات و تەقینەوەی قەیرانە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان چەند قات زیاتر دەکات. هێزە دەستێوەردەرە هەرێمی و جیهانیەکان، بەباشی دەزانن کە خاڵی لاوازی دەسەڵاتی ئێران، بابەتی دیموکراتیزاسیۆن و مافی گەلان و ژنانە. هەنگاو هەڵنەگرتنی حکومەت بەرەو "دەربازبوونی دیموکراتیک"، بە واتای بانگهێشت کردنی هێزە دەرەکیەکانە بۆ دەستێوەردانی ئێران. ئەگەر ناکۆکیە قوڵ و فراوانە ناوخۆییەکان بۆ ئەم هاوکێشەیە زیاد بکەین، ئەوا سێبەر و هەلومەرجی ئێستای سوریا لەسەر ئێران چڕ دەبێتەوە. بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین ڕاییگەیەنین کە ئێران لەبەردەم مەترسی ڕوخان، شەڕو کارەساتدایە؛ دۆخێک کە بەو دەرفەتانەی ئێستاوە ڕوو بەڕووبوونەوەی ئاستەمە. وێرای ئەمەش، ناکۆکی دەسەڵات و خەڵک، لەوانەیە بەشێک لە خەڵک و بەشێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە ئاراستەی هاوپەیمانێتیەکان لەدژی دەسەڵات هان بدات.

**هەڵوێستی کۆدار سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری**

کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "کۆدار"، بەزوویی دیکلەراسیۆن یان جاڕنامەیەک کە پێویستیەکانی قۆناغ و داواکاریە دەستنیشانکراوە سیاسی و یاساییەکان لەخۆ دەگرێت، بڵاو دەکاتەوە. کۆدار هەڵوێستی کۆتایی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە هەفتەکانی داهاتوودا و دوای هەڵسەنگاندنی ئەگەری کاردانەوەی کاندیدەکان و دەسەڵات بە نەخشەڕێگاکە، داخوازیەکان و کۆمیسیۆنە پێشنیارکراوەکان، ڕادەگەیەنێت. لەکاتێکدا ئەگەر ئاماژەگەلێکی ڕوون بۆ ئامادەیی دەسەڵات سەبارەت بە کرانەوەی دیموکراتیک ببینرێن، کۆدار دەتوانێت هەڵوێستێکی ئەرێنی هەبێت. بەپێچەوانەوە؛ ئەگەر دەسەڵات ئامادەیی "هەڵسوکەوتێکی سیاسی جیاواز" نەبێت، کۆدار بەشداری هیچ پێڤاژۆیەکی نا دیموکراتیک نابێت.

**هەڵوێستی کۆدار سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارو گوندەکان**

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان کۆدار باوەڕی وایە کە هەڵبژاردنی کەسانی شایستە و دیموکرات بۆ لەئەستۆ گرتنی بەڕێوەبردنی شارو گوندەکان، پێویستیەکی بنەڕەتیە. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئەوەیان ڕوون کردەوە کە ئەنجومەنەکان، شوێنێک بۆ بەشداری کردنی کۆمەڵگا لە بەڕێوەبردندا بن، بوونە شوێنی دەستەگەری، گروپ بەندی، گەندەڵی و داگیرکردنی زەوی و زار. هەر لەبەر ئەم هۆکارە گرنگە کە خەڵک، ئەم مەیدانە لە کەسانی بەرژەوەندخواز وەربگرنەوەو بە وردبینی و هەستیاری، کەسانێک هەڵبژێرن کە زەمینەی گەندەڵی و ڕەنج خۆریان تێدا نەبێت. نابێت کۆمەڵگا تەنها بە هەڵبژاردنی کەسەکان کۆتابێت؛ بەڵکو چاودێری کردنی کارەکانیان و لێپرسینەوە لێیان گرنگ و ئەساسە.

**ئەنجام**

کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "کۆدار"، بە جەختکردنەوە لەسەر پێویستیەکان و پێشنیارە پێشکەش کراوەکان، چارەسەری دیموکراتیکی پرسی کورد و کێشەی ماف و ئازادیەکانی ژنان، مەزهەبەکان و ئەتنیکەکان لە کارە بەپەلەو لە پێشینەکانی ئێستا دەزانێت. کۆدار باوەڕی وایە کە دەسەڵات لەم هەلومەرجە هەستیارەدا کە سێبەری دەستێوەردانی دەرەکی لەسەر ئێران چڕ بۆتەوە، پێویستە بەبێ لەدەست دانی کات و بەشێوەیەکی ستراتیژیک هەلومەرجی پێویست بۆ دەرباز بوونی ڕەوشێکی دیموکراتیک فەراهەم بکات. کۆدار بە پشت بەستن بە ستراتیژی "هێڵی

سێهەم" نە دەستێوەردانە دەرەکیەکان بە زەمینەی گۆڕانکاری دەزانێت و نە بەردەوامی سەرکوت و فراوانخوازیش ژێرانەو هۆشمەندانە دەزانێت. بۆ دەرباز بوونی دیموکراسی، پێویستە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، پارتەکان، سیاسیەکان، ڕۆشنبیران، ژنان و لاوان بپەرژێنە سەر بەهێزکردنی میکانیزمەکانی چارەسەری و تێیدا خاوەنی ڕۆڵ بن. ئەو میکانیزمانەی کە دیموکراسی "سیاسەت، ماف و دەستوری بنەڕەتی"، هاوڕاکردنی دەسەڵات لەگەڵ پارادایمی دیموکراتیک، ئامادە کردنی کۆمەڵگا بۆ "قۆناغی سیاسەتی دیموکراتیک" و فراوان کردنی مۆدێلەکانی بەڕێوەبردنی دیموکراتیکی ناوچەیی بەبنەما دەگرێت.

ئاشکرایە کە نەبوونی هاوڕایی دەسەڵات لەگەڵ ئەم پارادایم و هێڵی فکریە و یان ئاژاوەنانەوە بۆ پرۆسە دیموکراتیکەکان، کۆمەڵگاو کۆدار بەرەو ڕەوتێکی تر هان دەدات. ڕەوتگەلێک کە زەخت و گوشاری هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتەی و سیاسی تەنیا یەک لە جەمسەرەکانی ئەو دەبێت. ئەو گۆڕانکاریانەی لە ڕێگادان، بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی زیهنیەتێکدا نابێت کە خوازیاری بەردەوام بوونی ئەو دۆخەی ئێستای هەیە. هەر لەم چوارچێوەیەدا، کۆدار لە ڕۆژانی داهاتوودا لە دەکلەراسیۆنێکدا، داخوازیە دیموکراتیکەکان ڕێک دەخات و بڵاوی دەکاتەوە. ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیەندراوە، نرخاندنی ئەندازەی ئامادەیی دەسەڵات بۆ گۆڕانکاری و هەروەها نیشاندانی وردتری داخوازیە دیموکراتیکەکانی گەلی کوردو گەلاتی تری ئێرانە. ئاشکرایە کە شێوازی وەڵامدانەوەو پەرچەکرداری دەسەڵات سەبارەت بەم دەکلەراسیۆنە، دەتوانێت ئەو ڕێگایەی لە پێشمانە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ڕای گشتی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران ڕۆشن بکاتەوە.

کۆدار، ئەم "نەخشە ڕێگایە" وەک ڕەشنووسێکی سەرەتایی کە تواناى تەواو کردن، سەر ڕاستکردنەوە و وردبینی هەیە، دەنرخێنێت. لەم چوارچێوەیەدا، بەشداری کردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، ڕۆشنبیران، ژنان و لاوان بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەم نەخشە ڕێگایە، سود بەخش و گرنگە.

**کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆدار**

**١ی گوڵانی ی٢٧١٧ کوردی**
**٢١ی ئاوریلی ٢٠١٧ زایینی**